# جەرگەبەز لە دوای تەرمی دێوەرەیەك

( لە کانوونی دووەمی 1989 چاپکراوە ، دوانزە هۆنراوەی لە خۆ گرتووە )

## بەسەرهاتی دوو کەمانچە

1 –

ئێوارەیێ,
لە ئاهەنگی
سەماکردنی برســـییان
کەمانچەیێ
هاتە چۆك و نوشتایەوە ,
لە حەسرەت و پەرۆشیدا
دەست و پەنجەی منالێکی
تێر ماچ کرد و
گیرسایەوە !.
لە کرنوشا
هەوێنی ئاوازێکی گرت ,
نۆتە سروودی هەژارانی
بەرهەم هێنا و
کەوتە ژەنین .
سروود نەمری لەخۆلوول دا
پایز پەلکە زێڕینەیدا
دەریا ئارام
شەپۆلیش بوو بە پێکەنین
لەسەر شانۆ ,
کەمانچە بوو بە هەتاوێك
نۆتە ئاسۆ
ژەنین رووباری سەربەرزی و
نەبڕایەوە .
ئەم هەواڵە یاساغکرا
تا هاوشاریان ئاگاداربن ,
لەگەڵ کورتەی دەنگ و باسدا
خوێندرایەوە .

*******

2 –

کەمانجەیەکی هەرزەکار
بۆ نەمری
ژێکانی خۆی
لە قژی کچێکی تیاترۆ چێکرد,
لە شەوێکی وەنەوشەیی
بانگهێشت کرا .
کە گلۆپەکان کوژانەوە ,
ئەویش ئاهەنگی دەست پێکرد .
ژێی سەماکەر ,
لەگەڵ پەنجە پەمەییەکان
ئاسا نەرمە کیژۆڵە بوو ,
سەمای دەکرد , هەڵدەپەڕی .
کەمانجەکەش ,
لەسەر دەستان ئۆقرەی نەبوو ,
لە خۆشیانا
وەك پەپولەی ئەفسوناوی
هەڵدەفڕی .
بەڵام هەر زوو ,
ئەوان تێر بوون ,
کەمانجەیان دا تاریکی .
لە شەرمانا ,
سەری داخست , نووشتایەوە .
لە هزری بوو
نۆتەی تازە بهۆنتەوە ,
کاتێ بینرا
لەگەڵ باڵی گو ئەستێرە
پوکایەوە .

1988/8/29
کوێستانی سێ سنوور

.........................................

## هاوارێکی خنکاو

دە خەڵکینە ,
ورد و درشت , گوێم بۆ هەڵخەن ..

چیرۆکێکی راستەقینە دەگێرمەوە .
باوەڕ بکەن ,
ئەم بەیانییە
شێخ سەعید و هاوڕێکانیم , بە چاو بینی
لە دار دەردران .
گەورەکانیش , کۆسە ئاسا
دەموچاویان رەشکردبوو ,
سێدارەیان شاباش دەکرد .
ئەتاتورکی باش سەپانیش ,
شیڕەی دەهات .
داسی دەستی
نیازی بوو , شاخەکانمان دروێنە بکا !.
لە خەڵوەخان ,
عفریت بۆ هاوبیرانی خۆی
ملوانکە پساوی مەسعودی
دەهۆنیەوە .
تەلسمێکی مێزەر بەسەر ,
ئایەتی شێ دەکردەوە و
فتوای کورد قڕانی دەدا .
سەلاحەدین , سوار ئەسپێ بوو ,
بەتیژڕەوی بۆ لاتان هات ,
ئێوەش بەرێز لە کڕنووشا
بوون بە پەیکەر .

*******

دە خەڵکینە
وردو درشت , گوێم بۆ هەڵخەن ..
روداوێکی راستەقینە
دەگێڕمەوە .
باوەڕ بکەن ,
ئەم بەیانییە
بە چاوی خۆم
مەلای خەتێم بە جلێکی تازە بینی
جوحە ئاسا
ئاژەڵێکی لە وێنەی کەر بارکردبوو ,
کوردستانی هەراج دەکرد .
مەلا ئیدریس ,

شه‌ پوشۆڕی كه‌واكه‌ی بوو ,
سنوورێكی تازه‌تری
نیشان ده‌كرد .
پێنووسه‌كه‌ی ,
شه‌ره‌فخانیش
زۆر به‌ په‌له‌
جارێكی تر , شه‌ره‌فنامه‌ی ده‌نووسییه‌وه‌ .
نیشتیمان داره‌مه‌یتێ بوو ,
ره‌ش و رووتی وڵاته‌كه‌م ,
كیشوه‌ر , كیشوه‌ر ده‌یانگێڕا .
له‌ولاش له‌ ملی جاڕچییه‌كان
تووره‌گه‌ بوو ,
روو ره‌شه‌كان ,
بێ شه‌رمانه‌ ,
بۆ خۆیان سواڵیان پێده‌كرد .
******
ده‌ خه‌ڵكینه‌ ,
وردو درشت , گوێم بۆ هه‌ڵخه‌ن ..
من ئه‌ مجاره‌
رازی دڵم ده‌دركێنم .
تووڕه‌مه‌بن پێتان ده‌ڵێم :
له‌یستۆكن ,
ده‌ كایه‌دا
ئه‌م ده‌ست ئه‌و ده‌ستتان پێده‌كه‌ن .
تاكو ئێستاش
شیره‌خۆره‌ن ,
بێئاگایی
به‌ ده‌سرازه‌ی مناڵیتان
شه‌ته‌ك ده‌درێن .
ساڵ دوانزه‌ مانگ
كتك ئاسا هه‌ڵده‌توتێن .
جاروباریش
وه‌كو تارمایی ده‌بینرێن .
ده‌ساڵ جارێ
بۆ بیستنی ده‌نگی خۆتان
پڕ به‌ گه‌روو هاوار ده‌كه‌ن ,

دەقیژێنن .
بەڵام سەیرە ,
هیچ نابیسن !.
هەموو پێکڤە گۆڤەند دەگرن .
لەناکاوا بە ( ئایشۆکێ ) هەڵدەپەڕن .
******

دە خەڵکینە
گەورەو بچوك , گوێ راگرن ..
بۆ هەمووتان
پەیامی چیا دەخوێنمەوە .
- سەدان ساڵە ,
ئاگری داغم , چاوگەیەکی شیرناتیە
بۆ جەژنانەی دابەش ناکەن !.
دەروونی شاری هەولێرو
هەرێمەکەی شارەزوورم
پڕ زیوانە و , بژار ناکەن !.
نیو سەدەیە
کێڵەشینی دڵسووتاوم
شین دەگێڕێ ,
بۆ پێشەوا ناژێیننەوە !.
لەوەی زەردەشت
ئەم هەوارەی جێهێشتووە ,
گڕی ئاگر لە فەوتانە و, خۆشی ناکەن !.
رۆژ دوای رۆژ
بەسەرهاتی
هەزاران زین و مەمی تر ,
تۆمار ناکرێن , بیردەچنەوە .
چاك بزانن :
ئەگەر دەوران
وا تێپەڕێ
لێرەوە راتاندەگوێزن
بۆ سەر پەردەی سینەمایێ .
*****

دە خەڵکینە
با ئەمجارە
ریزەکانمان, هاوێر بکەین

خۆمان تووشی هەڵدێر نەکەین .
پێکزە بچین
بۆ سێبەر و بۆ زەنوێران ,
تیشکی هەتاو
دەستەمۆ کەین .
جڵەوی هەور توند راکێشین
لە هەوارازا بێتە خوارێ و
لەم هەوارە دابباری !.
ئەگەر دەڵێن :
ساڵەهای ساڵ
بە جوانە ئەسپێکی کەوێت
بۆ ترۆپکی چیا دەچین
کە گەیشتین
دادەبەزین
رێی کاکێشان نەوی دەکەین
سواری پشتی هەور دەبین ,
منیش دەڵێم :
ئەوە جوانە ئەسپ نییە ,
بارگیرێکی بێ ددانە
تووشی هەر ئاخوڕێ ببێ
تا تێر نەخوات, سەر دەناکات !.
ئەوەی لێشتان دەبێتە هەور ,
چڕە دووکەڵی جگەرەتانە !.
-----------------

## شەوتاریکی

قژی رەشی شەوی تاری
بەسەر لابیانی ژوورەکەم ,
هاتە خوارێ و
کەوتە چنینی پڕدەنگی
منیش تەنیام
خەوم نایێ .
لە بێ دەنگی
گەڕەلاوژە و شەرچەرەی خۆش !,
کۆڕی هەقایەتم دەوێ .
برسییەکم

سەردانی چیا
گەڕانی شوێنی نادیار و
پشکنینی پرێسکەکان
تێرم دەکەن .
دۆزینەوەی
کەللەسەری ونبووەکان ,
گۆڕستانی
بەکۆمەڵی قوربانیان ,
فێرم دەکەن .
هەڵدانەوەی
پەروەندە زۆر قەدەغەکان
بۆتکە ڕەگ و
چاوگەی
کانیە بەستراوەکان , تارم دەکەن .
شوێن پێتەختی کەیکولیەکان ,
هەراجخانە و بازاڕی ڕەش
دەستی ونی بابانیەکان , لاڵم دەکەن .
من ئەو شەوە
لە ژوورەکەم دێمە دەرێ
دەبمە شوانی دوای شەوین و
ئێشکگری خڕ خەرمانی بێ پاسەوان ,
یا دێمکە ئاو
بۆ ڕێبوارێکی هەڵقرچاو
نوردییە نانێ
بۆ تەتەرێکی نەناسراو .
ئەی تاریکی, لێت ناترسم
قەڵای پڕ سام ,
پرس ناکەم ,
من ئەمشەوە
لە ژوورەکەم دێمەدەرێ .

1988/11/27

.........................................

## خۆشەویستم لە بیرت بێ!!

-1
خۆشەویستم ,

ئەگەر هاتوو لێیان پرسیت
کوا دەستگیرانت لە کوێیە ؟!,
شارستانە , یان هی دێیە ؟.
لە بیرت بێ ,
پێیان بڵێ :
دەستگیرانم ,
زۆر دوورنییەو لە گەڵمایە ,
وا لە دووتوێی دڵم دایە .
دیسان بڵێ:
دەستگیرانم ,
کوڕە جووتیارێکی ژار بوو ,
وتم بمبە ,
بە پەلە بوو, بۆ چیا چوو .

2–
خۆشەویستم ,
ئەگەر هاتوو, لێیان پرسیت ,
دەستگیرانت چی بەسەرهات ؟!.
بۆچی بووە دێوەزمەی هات و نەهات !.
ئەتۆش بڵێ :
دەستگیرانم ,
پێشمەرگەیەکی چاورەش بوو
بەڵام داخم زوو لە دەست چوو ,
دەستگیرانم بورکانێ بوو ,
قەڵای فاشستانی رمان ,
هەموو دنیای هێنا هەژان ,
بەردەوامە و کپیش نابێ
هەتا چەوسانەوە مابێ .

3–
خۆشەویستم ,
ئەگەر هاتوو , لێیان پرسیت ,
کوانێ باوکت ؟! .
بڵێ : باوکم خەباتگێڕ بوو
فاشستەکان لەداریان دا ,
لەژێر پەتی سێدارەشا

هاواری کرد بمرێ زۆردار
سەرکەوتن بۆ پاڵە و جووتیار .

4-

خۆشەویستم ,
ئەگەر هاتوو, لێیان پرسیت ,
ئەدی دایکت چی بەسەر هات ؟,
بۆچی نەبووە کەپر و سابات ؟!.
بڵێ : دایکم رۆشنبیر بوو ,
تاوانکاران سەریان بڕی
بە نێزە سکیان هەڵدڕی
چونکە , گوتی :
ئێمەی ئافرەت
لە داگیرکەر دەکەین نەفرەت .

5-

خۆشەویستم ,
ئ ەگەر هاتوو , لێیان پرسیت ,
کوانێ خوشك , کوانێ برا ؟!.
دان بەخۆتا بگرەو بڵێ :
بۆ نازانن ؟؟!!..
بە ناپاڵم لەشیان سووتا
بەس ئەوەندە
چەند ساڵێ بوو, نەبوو داڵدە .

6-

خۆشەویستم ,
کاتێ دەڵێن : چۆن هەڵدەکەی
بێ دەستگیران ؟!..
بەبێ دایك و باوك و برا ؟!..
بە تاریکی و بەبێ چرا ؟!..
ئەتۆش بڵێ :
دیارە گێلن ..
بۆ نابینن ,
چەکی دەستم, دەستگیرانمە ,
شادی هێنەری ژیانمە ..

چەوساوەیێ
دایکە , باوکە , هەم برامە ...
هەر بە تەنیا سۆسیالیزم
ڕێگەی ڕاستە و ئەو چرامە !.

1983
هەولێر

* بیرۆکەی کۆپلەی ( 3و4) لە شیعرێکی (لین تاو لوا)ی شاعیری ڤێتنامی وەرگیراوە .

........................................